# یاسای وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٣٠**
**مێژووی بڕیار: ١٤/١١/١٩٩٢ز**
**٢٣/گەلارێزان/٢٦٩٢ک**

## «بڕیار»

بەپێ ی حوکمی برگەی(١) لەماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢و لەسەر پێشنیازی وەزیری ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی و بڕیار لەسەردانی ئەنجوومەنی وەزیران، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ٢/١١/١٩٩٢دا بڕیاری دەرکردنی ئەم یاسایەی دا:

## یاسای ژمارە (٧) ساڵی/١٩٩٢
## یاسای وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم ووشانەی خوارەوە ماناکانی تەنیشتیانە:

١- هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.
٢- وەزارەت: وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی ی هەرێم.
٣- وەزیر: وەزیری ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی.
٤- بریکاری وەزارەت: بریکاری وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی.
٥- ئەنجوومەن: ئەنجوومەنی باڵای ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی.

**ماددەی دووەم:**

وەزارەت بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە کاردەکا:

یەکەم: گەشەپێدانی تێگەیشتن (وعی)ی ئیسلامی وبلاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی ئیسلامی وجوهەری پەیامە شکۆمەندەکەی.

دووەم: بەتەنگەوە هاتنی شوێنە پیرۆزە ئایینی یەکان و ڕێکخستنی بەڕێوەبردنیان وپاراستنیان.

سێ یەم: دابین کردنی پێویستی یەکانی باشترین ولەبارترین شێوەی بەجێ هێنانی

فەریزەتی حەج.

چـوارەم: بایەخدان بەکاروباری دام ودەزگا ئیسلامی وخێرخوازەکان وپەرەپێدانیان لە رووی ئیداری و هونەری و دارایی وڕێک وپێکی و خزمەتگوزارییەوە.

پێنجەم: ڕێکخستنی کاروباری بەڕێوەبردنی ئەوقاف و سەرپەرشتی وچاودێری کردنی.

شەشەم: خستنەوەکاری ماڵ ومولکی ئەوقاف بەشێوەی جۆراوجۆری ئەوتۆ کە پاراستن وگەشەپێدانیان لەچوارچێوەی بنەما گشتی یەکان نەخشەی گەشەپێدانی هەرێمی مسۆگەر بکا، لەسەر ئەو بنچینانەی لەگەڵ حوکمەکانی شەریعەتی ئیسلامیدا دژ بەیەکترنین.

حەوتەم: بایەخدان بەجێ بەجێ کردنی مەرجەکانی خاوەن وەقفەکان کە ئامانجیان بەدیهێنانی هاوکاری ی کۆمەڵایەتی وپێشکەوتنی کۆمەڵگایە.

هەشتەم: گرنگیدان بە ئایینی پاکی ئیسلام وسامانەکەی وڕێزگرتن لەزانایانی ئایینی ئیسلام وپاراستنی پایەو پلەی کۆمەڵایەتییان و خۆشکردنی باری ژیانیان ودابین کردنی پێویستیەکانی چالاکی ی ئایینی نیشتمانی وکۆمەڵایەتی بۆیان.

نۆیەم: بەهێز کردنی پەیوەندیی ئایینی لەگەڵ گەلانی جیهانی ئیسلامی بەتایبەتی وجیهان بەگشتی.

دەیەم: بیناکردنەوەی مزگەوتە وێرانکراوەکان ودروست کردنی ئەوقوتابخانە ئایینی یانەی پێ یانەوە بەندن.

**ماددەی سێ یەم:**

یەکەم: وەزیر سەرۆکی باڵای وەزارەتە ویەکەم بەر پرسیاری جێ بەجێ کردنی سیاسەتەکەی و سەرپەرشتی وچاودێری کردنی بەجێهێنانی یاساو پەیرەو ورێنمایی یەکانێتی. هەرلەویشەوە ئەو بڕیارو فەرمان ورێنمایی یانە دەردەچن کە پەیوەندیان بە ئەرکەکانی وەزارەت ودایەرەکانی ودەسەڵاتەکانیان وگشت کاروبارەکانی نەخشەدانان وهونەری وئیداری و دارایی وڕێک وپێکی یەوە هەیە، بەپێ ی حوکمی یاساو پێرەوە رەچاوکراوەکان. هەروەکو بەرامبەر بەئەنجوومەنی وەزیران بەرپرسیارە بەو مانایەی کە ئەندامێکی هاوبەشێتی.

دووەم: وەزیر بۆی هەیە هەندێ لەدەسەڵاتەکانی خۆی بەبریکاری وەزارەت یاهەریەکێ لەسەرۆک وبەڕێوەبەرەکانی دایەرەکانی بسپێرێ.

سێ یەم: وەزیر بۆی هەیە لیژنەی هەمیشەیی یا کاتی لەوەزارەتدا پێک بهێنێ کەئەرکی تایبەتی ی پەیوەنداریان بەچالاکی هەڵسوکەوتی وەزارەتەوە بەپێ ی حوکمی یاسا رەچاوکراوەکان وپەیڕەوو ڕێنمایی یەکانیان پێ دەسپێردرێ بۆیشی هەیە سوود لە هاریکاریی کارمەندانی پسپۆڕ لەناوەوە ودەرەوەی هەرێمدا ببینێ.

**ماددەی چوارەم:**

یەکــەم : بریکاری وەزارەت ئەو ئەرک ودەســەلاتانە بەجێ دێنێ کــە وەزیر لەچوارچێــوەی ئامــانجــە گــشــتی یەکــانی وەزارەت ودەســەلاتەکــانی دایەرەکــانیــدا پێ یانی دەســپــێــرێ ویاریدەی وەزیر دەدا لەرێ نیــشــاندان وسەرپەرشتی کردنی کــاروباری هونەری وئیداری ودارایی ورێــک وپێکی یان بەپێ ی ئەو ئامــۆژگــاری یانەی لەوەزیرەوە بەپێ ی حــوکــمی یاســاو رێنمایی یە رەچاو کراوەکان بۆی دەستنیشان دەکرێن.

دووەم : بریکاری وەزارەت بۆی هەیە هەندێ لە دەســەلاتەکــانی بەبەرێوەبەری گشتیی دیوان وبەرێوەبەرەکان لە پارێزگاکانی هەرێمدا بسپێرێ وئەوانیش لەچوارچێــوەی راسپــاردەکــانیــدا سەبارەت بەو دایەرانەی سەرۆکــایەتی ی دەکەن، لەبەرامبەریدا بەرپرسیاردەبن.

**ماددەی پێنجەم:**

وەزارەت لەم دام ودەزگایانە پێک دێ.

١- نووسینگەی وەزیر : مووچەخۆرێک بەپلەی بەرێوەبەر بەرێوەی دەبا وچەند مووچەخۆرێک بەپێ ی پێویست یاریدەی دەدەن.

٢- نووســینگەی بریکاری وەزارەت : مــووچە خــۆرێک بە پلەی بەرێوەبەر سەرۆکایەتی دەکا وچەند مووچەخۆرێک بەپێ ی پێویست یاریدەی دەدەن.

٣- بەرێوەبەرێتیی گشتی دیوان : ئەم بەرێوەبەرێتی یانەی پێوەدەبەسترێنەوە:

أ - بەرێوەبەرێتیی کەسان وخزمەتگوزاری ئیداری.

ب- بەرێوەبەرێتیی ژمێرباری وچاودێری وپێداچوونەوە.

ج- بەرێوەبەرێتیی مزگەوت ودەزگا وقوتابخانە ئایینی یەکان.

د - بەرێوەبەرێتیی موڵک وکاروباری یاسایی.

هـ - بەرێوەبەرێتیی نەخشەدانان وبەدواداچوون.

و - بەرێوەبەرێتیی رابەرایەتیی ئایینی وکاروباری حەج.

ز - بەرێوەبەرێتیی ئاوەدانکردنەوەو ئەندازیاریی.

ح- بەرێوەبەرێتی یەکانی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی لەپارێزگاکانی هەرێمدا.

ط- بەرێوەبەرێتیی لێکۆڵینەوە وکتێبخانەکان.

**ماددەی شەشەم:**

دەســەلاتەکــانی بەرێوەبەری گــشــتی ی دیوان بەرێنمــایی یەک دیاری دەکــرێن کــە وەزارەت دەری دەکا.

## ئەنجوومەنی بالای ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی

**ماددەی حەوتەم:**

یەکــەم: ئەنجــوومــەنێک لە مــەڵبــەندی وەزارەتدا پێک دەهێنرێ کــە پێ ی دەووترێ ئەنجوومەنی بالای ئەوقاف وکــاروباری ئیسلامی و پەیوەندیی بەوەزیرەوە دەبێ وبەم جۆرەی لای خوارەوە پێکدێ:-

أ - وەزیر سەرۆک
ب- بریکاری وەزارەت جێگری سەرۆک
ج- نوێنەری وەزارەتی شارەوانی وگەشت وگوزار بەپلەیەک کەلە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێ. ئەندام
د- نوێنەری وەزارەتی دارایی ئابوری بەپلەیەک کە لەبەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێ. ئەندام
هـ- نوێنەری وەزارەتی کشت وکاڵ وئاودێری بەپلەیەک کە لەبەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێ. ئەندام
و- بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەت. ئەندام.
ز- بەڕێوەبەرەکانی ئەوقاف لە پارێزگاکانی هەرێمدا. ئەندام.
ح- چوار لە گەورە زانایانی ئایینی کەوەزیر بۆ ماوەی سێ ساڵ و دەشکرێ نوێ بکرێنەوە هەڵیاندەبژێرێ. ئەندام.

دووەم:

أ- وەزیر بۆی هەیە لەکاتی ئامادەنەبوونیدا بریکاری وەزارەت بکاتە سەرۆکی ئەنجوومەن.
ب- هەر ئەندامێک لەئەندامە ئەسڵی یەکانی ئەنجوومەن، ئەندامێکی ئیحتیاطی بۆ دادەنرێ کەلەکاتی ئامادەنەبوونیدا لەکۆبوونەوەکانی ئەنجوومەن دا جێگەی دەگرێتەوە.
ج- ئەنجوومەن بۆی هەیە لەکاتی پێویستیدا ولەسەر داوای وەزیر هاوکاری لەکارمەندان بخوازێ.

سێ یەم: دەسەڵاتەکانی ئەنجوومەن بەپەیرەوێکی تایبەتی دەستنیشان دەکرێن.

**ماددەی هەشتەم:**

ئەنجوومەنێکی زانستی لەوەزارەتدا پێک دەهێنرێ وپەیوەندی لەگەڵ بریکاری وەزارەتدا دەبێ. دەزگا و دەسەڵاتەکانیشی بە پێیرەوێکی تایبەتی دیاری دەکرێن.

## چەند حوکمێکی جۆراو جۆر

**ماددەی نۆیەم:**

دام ودەزگاکانی مەڵبەندی وەزارەت وئەرکەکانیان بەپرەوێک دیاری دەکرێن. ئەرکەکانی ئەو بەڕێوەبەرێتی یانەشی کەمەڵبەندی وەزارەت پێکدەهێنن ئەرکەکانی بەڕێوەبەرێتی یەکانی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی ولقەکانیان بەڕێنمایی یەک دیاری دەکرێن کە وەزیر دەری دەکا.

دووەم: وەزیر بەپێ ی ڕێنمایی یەک کە دەری دەکا بۆی هەیە بەڕێوەبەرێتی وبەش و لقی نوێ لە وەزارەت ودایەرەکانیدا دابمەزرێنێ بەمەبەستی ڕێک وپێکی و دیاری کردنی ئەرکەکانیان وئاڵ وگۆرکردنی ئەوئەرکانە وخستنەپاڵ یەکتری هەرکام لەو دامەزراوانەی ڕێکخستن یاجیاکردنەوەیان لەیەکتر یا ئاڵ و گۆرپێکردنی پەیوەندی یان یا هەڵوەشاندنەوە یان بەپێ ی پێویستی

لەکردەوەدا.

سێ یەم: وەزیر بۆی هەیە پارە وەک تەرخان وخەڵات (مخصصات ومكافآت) بدا بە غەیری مووچەخۆران لەئەندامانی ئەنجوومەن ولیژنە پابەندەکانی وەزارەت وخەڵاتی هاندانیش بدا بەکارگەرانی وەزارەت بەپێ ی ڕێنمایی یەک کەبۆ ئەم مەبەستە دەری دەکا.

**ماددەی دەیەم:**

گشت ئەویاساو وپەیرەوو بڕیارو ڕێنمایی یانەی تایبەتن بەئەوقافەوە بەکارپێکراو دادەترێن تاکاتی دەرکردنی ئەوانەی جێگەیان دەگرنەوە یاهەڵدەوەشێنرێنەوە بەمەرجێ لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆک نەبن.

ماددەی یازدەیەم: دەبێ وەزیرە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**ماددەی دووازدەیەم:**

ئەم یاسایە لەڕۆژی بلاوکردنەوەیەوە لەڕۆژنامەی رەسمیدا کاری پێدەکرێ.

**نەژاد احمد عزیز ئاغا**
**و/سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

## «هۆیەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە»

لەبەر سەرهەڵدانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان کە دەربڕی راستەقینەی ئیرادەی سەربەستی گەلی کوردستانە ولەبەر کاریگەری ئەم رووداوە سیاسی یە گرنگە لەژیانی گەلی کوردستان وسەراپای ناوچەکەدا لەگشت روویەکەوە وبۆ هەوڵدانی دەرکێشانی ڕەگ وریشەی هەموو ئەو کارو کردەوانەی رژێمی دکتاتۆری بێ ئەوەی دادی بدەن- ویستوبەتی بیانچەسپێنێ بەشێوەیەک کە خزمەتی ڕێبازەکانی ئەم رژێمە زۆردارە بکاو لەبەر ئەو تەقەلاسەرنەکەوتووانەی بۆ بەکارهێنانی ئایینی پاکی ئیسلام وزانا بەڕێزەکانی داوێتی بەتیازی دوورخستنەوەیان لەگیانی ئیسلام کەفەرمان بەخزمەتکردنی نیشتمان وخۆبەختکردن بۆ بەرگری لێکردنی دەدا وداوای کارکردن بەبنەمای شووراو دادپەروەری دەکا لە مامەڵەکردنی نێوان خەڵکانی یەک کۆمەڵگادا بەبێ جیاوازی بەهۆی رەنگ ودین ورەگەزەوە، هەروەها بۆ پەروەردەکردنی کۆمەڵگای کوردستان بەجۆرێک کەلەگەڵ بەها پیرۆزەکانی ئایینی پاکی ئیسلامیدا بگونجێ وبۆ ئەوەی ماوەنەدرێ کە ئایین وەک ڕێگایەک بۆ خزمەتی ئامانجێکی سیاسی ئەوتۆ بەکاربهێنرێ کەلە جەوهەرە رەسەنەکەی دووری بخاتەوە و لەبەر پێکهێنانی وەزارەتێک بەناوی وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی یەوە لەهەرێمدا وبۆ یاریدەدان وپەرەپێدانی دەزگا ئایینیەکان و پاراستنی سامانی ئایینی ی گەلی هەرێمی کوردستان، ئەم یاسایە دەرکرا.